حکومەتی هەرێمی کوردستان – عیراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# خوێندنی کوردی

## قۆناغی بنەڕەتی ـ پۆلی دووەم

## وەرزی دووەم

لیژنـــەی دانـان

صادق احمد عثمان
عەبدوڵڵا حەسەن قادر
خەلیل حەمەدئەمین خضر
بەناز عەبدولکەریم محەمەد

نەمام جلال رشید
هیدایەت ئەحمەد کەریم
ئەسعەد عەزیز محەمەد
خەندە خالد ئیسماعیل

گوڵنار حەمەئەمین عەزیز
سەلیم عەلی عومەر
ئەژین ساڵح ئەحمەد
محەمەد وەیسی محەمەد

چاپی دووەم (١٤٤٣)کۆچی (٢٠٢٢) زاینی (٢٧٢٢) کوردی

هەڵسەنگاندنی زانستی
د. سەباح ڕەشید قادر
د. ئیبراهیم قادر محەمەد

هەڵسەنگاندنی دەرونزانی
نازدار ساڵح حەمید

سەرپەرشتی زانستیی چاپ
صادق احمد عثمان
ناهدە رحمان ابراهیم

دیزاینی ناوەرۆك
عوسمان پیرداود كواز

سەرپەرشتی هونەری چاپ
خالید سەلیم محمود

نیگارەكان
شنۆ یحیی خضر
جوهر محمد عمر

تابلۆی بەرگ
ئاریان عبدالخالق سەرسام

دیزاینی بەرگ
ئاری محسن احمد

ناوی قوتابی:..............................

پۆل و هۆبـه :..............................

ناوی قوتابخانه:..............................



# نەخشەی دانانی کتێبی خوێندنی کوردی
## پۆلی دووەمی بنەڕەتی
## وەرزی دووەم

| بابەتەکان | چالاکییەکان | ئامانج |
|---|---|---|
| یەکەی پێنجەم | (کۆمەڵایەتی) | |
| خێزانەکەم | * خوێندنەوە – هاوواتاکان – گفتوگۆکردن<br>* نوسینی پیت و گۆکردنی دەنگ – کاتژمێر<br>* ناساندنی پاشگری (ەوە) – ناساندنی هاوەڵکار<br>* جێناوی لکاوی (ئەو–ی) – دروستکردنی ڕستەی گەورە<br>* خۆشنوسی – ڕێنوس – ئامۆژگاری(هاوکاری) | * هەستی بەرپرسیاریەتی<br>* هاوکاریکردن<br>* خۆشەویستی ئەندامانی خێزان<br>* یارینەکردن بە هەندێ کەلوپەل<br>* پاشەکەوتکردن |
| بۆ باوکم (شیعر) | * خوێندنەوە – ڕاڤەکردن – ئەزبەرکردن | * خۆشەویستی خێزان<br>* شانازیکردن و ڕێزگرتن لە دایبابان<br>* دلسۆزی بۆ نیشتمان |
| جەژنی منداڵان و ئاواتەکانیان | * خوێندنەوە – هاوواتاکان – گفتوگۆکردن<br>* جیاکردنەوەی ڕستەی چەوت و دروست –دۆزینەوەی وشە<br>* تەواوکردنی گرێ – دژواتاکان<br>* ناساندنی هاوەڵناو – ڕێکخستنی ڕستە<br>* خۆشنوسی – ڕێنوس – ئامۆژگاری (ژیری) | * مافەکانی دەناسێت<br>* داواکردنی مافەکانی<br>* یەکسانی<br>* گرنگیدان بە مرۆڤی خاوەن پێداویستی تایبەت |
| یەکەی شەشەم | (سروشت) | |
| گەشتێك بۆ گوند | * خوێندنەوە – هاوواتاکان – گفتوگۆکردن<br>* یاری دروستکردنی وشە – هەڵوەشاندنەوەی وشە<br>* ڕاستکردنەوەی هەڵەی ڕستە – دەقی وێنەدار<br>* جێناوی (ئەوان–یان) – ڕێکخستنی ڕستە<br>* خۆشنوسی – ڕێنوس – ئامۆژگاری (ژینگەی خاوێن و تەندروست) | * تایبەتمەندییەکانی ژیانی گوند<br>* هەستکردن بە جوانی سروشت<br>* گرنگی زەوی بۆ مرۆڤ<br>* زانیاری دەربارەی هەندێ خواردن |

| | | |
|---|---|---|
| پاکوخاوێنی ژینگە (شیعر) | * خوێندنەوە – ڕاڤەکردن – ئەزبەرکردن | * بایەخدان بە پاکوخاوێنی<br>* پاراستنی پاکوخاوێنی شوێنە گشتییەکان<br>* بایەخدان بە تەندروستی |
| گەریانەك د ناڤ وەلاتیدا | * خوێندنەوە – هاوواتاکان– گفتوگۆکردن<br>* ناوی وێنەکان بە کرمانجی سەروو – بۆشایی<br>* مەتەڵ – گەیاندنی واتای گونجاو<br>* خۆشنوسی – ڕێنوس – ئامۆژگاری (ڕەوشتی چاك) | * ناوی شارەکانی کوردستان<br>* هەستکردن بە جوانی دیمەنەکان<br>* ناسینی زارە جیاکانی زمانی کوردی |
| هەنار (سیناریۆ) | خوێندنەوە – گفتوگۆکردن – نمایشکردن | * وەرزی پێگەیشتنی هەنار<br>* سودی هەنار، لە خواردنی ڤیتامین وەردەگرین<br>* جۆرەکانی هەنار<br>* سرکەلە چی وەردەگیرێت |
| یەکەی حەوتەم | (زمانی گیانداران) | |
| مریشکە سورە | * خوێندنەوە – هاوواتاکان – گفتوگۆکردن<br>* ناساندنی پاشگری (ەوە) – ناساندنی هاوەڵناو<br>* هەڵبژاردنی کاری دروست – دروستکردنی ڕستە<br>* خۆشنوسی – ڕێنوس – ئامۆژگاری(کارکردن) | * سودی کارکردن<br>* ئەنجامی تەمبەڵی<br>* چۆن گەنم دەکەین بە نان |
| بەرخەکەم (شیعر) | خوێندنەوە – ڕاڤەکردن – ئەزبەرکردن | * خۆشەویستی و هاوڕێیەتی ئاژەڵ<br>* بەخێوکردنی ئاژەڵ |
| پەرەسێلکە و بۆق | * خوێندنەوە – هاوواتاکان – گفتوگۆکردن<br>* نوسینی پیت و گۆکردنی دەنگ- هەڵوەشاندنەوە<br>* شوێنی حەوانەوەی هەندێ گیاندارن – یاری دروسکردنی وشە<br>* خۆشنوسی – ڕێنوس – ئامۆژگاری(پێکەوە ژیان) | * یارمەتیدان<br>* بیرکردنەوە لە بەختەوەری و ژیانێکی خۆشتر<br>* هاوڕێیەتی کەسانی جیاواز لە خۆی |
| فەرهەنگۆک | | |
| ناوەرۆک | | |

يەكەی پێنجەم

# كۆمەڵایەتی

يەكەم: خێزانەكەم

دووەم: بۆ باوكم (شيعر)

سێيەم: جەژنی منداڵان و ئاواتەكانيان

# خێزانەکەم



من ناوم (لەنجە)یە، براکەم ناوی (لاوك)ە. لاوك ساڵێك لە من بچوکترە، یەکترمان زۆر خۆشدەوێت، زۆربەی کات پێکەوە یاری دەکەین و لەگەڵ خێزانەکەمان بۆ زۆر شوێن دەڕۆین.

خێزانەکەمان لە: (دایکم، باوکم، داپیرەم، من و لاوك) پێکهاتووە، داپیرەم ئێمەی زۆر خۆشدەوێت، ڕۆژێك یاریمان دەکرد، لاوك چاویلکەی داپیرەی شکاند! هەوڵماندا چاکی بکەینەوە، پێمان چاك نەکرایەوە! لەبەر ئەوە من و لاوك بڕیارماندا پارەی دەخیلەکانمان بدەین بە باوکم، بۆ ئەوەی چاویلکەیەکی نوێ بۆ داپیرە بکڕێت، کاتێك باوکم هاتەوە دەخیلەکەمان هەڵپچڕیبوو و خەریکی ژماردنی پارەکان بووین.
دایبابمان گوتیان: ئەی نەمانگوت تا ڕۆژی ئاهەنگی لەدایکبوونتان نابێت دەستکاری دەخیلەکانتان بکەن!


٧



منیش گوتم: لە کاتی یاریکردندا چاویلکەکەی داپیرەمان شکاند، ئێمەش دەمانەوێت چاویلکەیەك بۆ داپیرە بکڕینەوە.


دایبابمان ئێمەیان لە ئامێز گرتوو و بە دڵێکی خۆشەوە باوکم گوتی: پارەکانتان بۆ ئاهەنگی ڕۆژی لەدایکبوونتان هەڵبگرن، من چاویلکەیەکی نوێ بۆ داپیرەتان دەکرم، بۆ هەر یەکێکتان دیارییەکی جوان دەهێنمەوە، بەڵام ئێستا داوای لێبوردن لە داپیرەتان بکەن، لەنجە و لاوك چوون بۆ لای داپیرە و داوای لێبوردنیان لێکرد، ئەویش لە ئامێزیگرتن.

دایکم لە ناندینەکە خەریکی ئامادەکردنی خواردن بوو، بانگی کرد گوتی: کەمێك خێرا بکەن، لەگەڵ داپیرە وەرنە سەر مێزی نانخواردن، خواردنێکی زۆر خۆشم بۆ ئامادە کردوون.

ئێمەش هەموومان بە یەکەوە بە دڵێکی خۆشەوە دەستمان کرد بە نانخواردن، سپاسی دایبابمان کرد.

## چالاكی و ڕاهێنان

### هاوواتاكان



دایباب: دایك و باوك

چاویلكه: عەینەك

دەخیله: سەندوقی پاشەكەوتكردنی پارە

داپیرە: نەنك

له ئامێزگرتن: له باوەشگرتن

ناندین: موبەق، كۆلێن

### گفتوگۆدەكەین.


* خێزانی ماڵی لەنجە چەند كەسن؟
* برای لەنجە ناوی چییە؟
* كامیان گەورەترە، لەنجە یان براكەی؟
* لەنجە و لاوك بۆچی دەخیلەكەیان شكاند؟
* باوكی لەنجە و لاوك، كە دیتی دەخیلەكانیان شكاندووە، چی گوت؟
* تۆ له ماڵەوە دەخیلەت هەیە؟
* هەبوونی دەخیله سودی چییە؟

ناوی ئەم وێنانە بە پیت دەنوسم، دەنگەكانیان گۆدەكەم.





دەڵێم، سەعات چەندە:



## بۆشاییەکان بە وشەی گونجاو پڕدەکەمەوە.

(دەکەم، دەکەمەوە، دەخۆم، دەخۆمەوە)

* هەمیشە خواردن لەسەرخۆ ..........................

* بەیـانـییان شیر ..........................

* کارەکانم بەڕێکوپێکی تەواو..........................

* لە دەرگا دەدەم، ئینجا دەرگاکە......................

## سەیردەکەم، کام ڕستە بۆ ئەم وێنەیە دروستە دەینوسمەوە.



من بەیانییان زوو لە خەو هەڵدەستم. ..........................................................

من بەیانییان زوو لە خەو هەڵناستم. ..........................................................

## بۆ (ئەو) دەڵێین:



ئەو  خوێندی.
........          .....

...............ناشت............

.............گوت...............

..............هێنا...............

.............خوارد................

## سەرنجدەدەم، دەخوێنمەوە.



## خوێندنەوە...

خوێندنەوە وەك...
خوێندنەوە وەك گەشت وایە...
خوێندنەوە وەك گەشت وایە، بۆ وڵاتێك...
خوێندنەوە وەك گەشت وایە، بۆ ولاتێکی بێگانە...
خوێندنەوە وەك گەشت وایە، بۆ وڵاتێکی بێگانە، وشەی نویٰ و زانیاری
پتر فێردەبین.

## خۆشنوسی

ئێمە لەناو خێزانەکەمان زۆر یەکترمان خۆشدەوێت.

ئێمە لەناو خێزانەکەمان زۆر یەکترمان خۆشدەوێت.

ئێمە لەناو خێزانەکەمان زۆر یەکترمان خۆشدەوێت.

## ڕێنوس

دایبابمـان ئێمەیـان لـە ئامێـز گرتـوو، بـە دڵیکـی خۆشـەوە باوکـم گوتـی: پارەکانتـان بـۆ ئاهەنگـی ڕۆژی لەدایکبوونتـان هەڵبگـرن، مـن چاویلکەیەکـی نـوێ بـۆ داپیرەتـان دەکـرم، بـۆ هـەر یەکێکتـان دیارییەکـی جـوان دەهێنمـەوە.

## ئامۆژگاری

یارمەتیدانی دایباب ئەرکی ئێمەی منداڵە.

# بۆ باوکم



خۆشەویستەکەی ژینم     باخەوان و پەرژینم
سڵاوی زۆر بەتینم     بۆ تۆ باوکی شیرینم
مایەی شانازیی منی     سۆزی ئاوازی منی
بەهرەی بەختیاریی مە     ئەم نامەیەم دیاریی مە
خۆشەویستەکەم بابە     لە ئێمە دڵنیابە
تێدەکۆشین بێوچان     بۆ سەربەرزیی نیشتمان

---

شاعیر ناوی (جەمال ئەمین عارف)ە بە جمال شارباژێری ناسراوە، لە ساڵی (١٩٤١)ز لە گوندی واژەی شارباژێر لە دایکبووە، چەند دیوانێکی شیعری نوسیوە.

## چالاكی و ڕاهێنان

### وشە هاواتاكان لە شوێنی گونجاو دەنوسم.

(هێز، بێگومان بە، تانۆك، بێپشوو، هەوڵدەدەین)


تین.........................

دڵنیابە.........................

تێدەكۆشین.........................

بێوچان.........................

پەرژین.........................



### گفتوگۆدەكەین.

* بەیانییان كە لە خەو هەڵدەستیت، چی بە دایبابت دەڵێیت؟
* ئەگەر نامەیەك بۆ باوكت بنێریت، چی پێ دەڵێیت؟
* باوكت لە خوێندنی كام بابەتدا هاوكاریت دەكات؟
* لە ڕۆژی جەژندا لەگەڵ دایبابت حەزدەكەیت بۆ كوێ بچیت؟

### نیو دێرەكەی تر دەنوسم، ڕاقەیاندەكەم.

خۆشەویستەكەم بابە ..........................................

.......................................... بۆ سەربەرزی نیشتمان

# جەژنی منداڵان و ئاواتەکانیان



ئێمەی منداڵ هەموو ساڵێك، لە یەکی مانگی حوزەیران

لە سەرانسەری جیهاندا ئاهەنگ دەگێڕین، چونکە جەژنی منداڵانە و لەم ڕۆژەدا بڕیاردراوە مافی منداڵان پارێزراو بێت، منداڵ لە برسییەتی، نەخۆشی، نەخوێندەواری و ماندوویەتی ڕزگار بکرێن.

جوانترین دیاری بۆ ئێمە لەم ڕۆژەدا ئەوەیە؛ بەجوانی چاودێریمان بکەن، مافەکانمان دابین بکەن، گوێمان لێبگرن، ڕامان وەربگرن، لە هەڵسوکەوت، لە خوێندن و گفتوگۆکردن ئازاد بین، پێویستە قوتابخانەی هاوچەرخ و نەخۆشخانەی پێشکەوتوومان هەبێت، بە زمانی خۆمان بئاخفین و بخوێنین و کاری گرانمان پێمەکەن.




پێویستە هەموومان لە وڵاتی خۆماندا بێ جیاوازیی ئایین و زمان و ڕەگەز، بە تەبایی و خۆشی بژین، هەروەها دەبێت بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت خوێندن و ژیانێکی ئارام و سەربەرزانە دابین بکرێت.



## چالاکی و ڕاهێنان

### هاوواتاکان

حوزەیران: مانگی شەشەمی ساڵی زایینییە

ئاهەنگ: داوەت، شایی

ماف: هەق

پارێزراو: پێشێل نەکراو


چاودێریمان بکەن: ئاگادارمان بن

دابین بکەن: پەیدابکەن، فەراهەم بکەن

هاوچەرخ: نوێ، سەردەمیانە

تەبایی: گونجان

وڵات: نیشتمان



### گفتوگۆدەکەین.

* کەی یادی جەژنی منداڵانی جیهان دەکرێتەوە؟
* سێ لە مافی منداڵ بژمێرە.
* جوانترین دیاری، کە پێویستە لەم ڕۆژەدا بۆ ئێمەی منداڵ دابین بکرێت چییە؟
* حکومەت پێویستە چۆن ژیانێکی ئارام و سەربەرزانە بۆ مرۆڤی خاوەن پێداویستی تایبەت دابین بکات؟
* حەزدەکەیت لە دوارۆژدا ببیت بە چی؟
* بۆ قوتابییانی پۆلەکەت باسی حەزەکانت بکە، با ئەوانیش باس لە حەزەکانی خۆیان بکەن.

قوتابخانەی.........................

## نیشانی (✓) یان (×) بۆ ئەم ڕستانە دادەنێم.

١. هەموو منداڵێك مافی خوێندنی هەیە. ☐
٢. منداڵ کە نەخۆش بوو، مافی چارەسەرکردنی نییە. ☐
٣. نابێت منداڵ، لە خواردن بێبەش بکرێت. ☐
٤. نابێت کاری گران، بە منداڵ بکرێت. ☐
٥. پێویستە هەموو منداڵێك، بە زمانی خۆی بخوێنێت. ☐
٦. دەبێت گوێ لە منداڵ نەگیرێت. ☐

## لە دەقەکەدا وشە دەدۆزمەوە، پۆلێنیانده‌کەم.

| بـ | جـ | ئـ | نـ | مـ |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |

## سەیری دەقەکە دەکەم، دەستەواژەکان تەواودەکەم.

جەژنی........................

زمانی........................

کاری........................

نەخۆشخانەی........................

قوتابخانەی...........................

ژیانێکی........................

## دژواتاکان لە شوێنی گونجاو دەنوسم.

(ناتەبا، تێر، ساغ، حەسانەوە، دێرین)


نەخۆش × ..............................

هاوچەرخ × ..............................

تەبا × ..............................

برسی × ..............................

ماندووبوون × ..............................



## بۆشاییەکان بە وشەی گونجاو پڕدەکەمەوە.

(لەپێش، لەلای، لەسەر، لەژێر ، لەناو)

* براکەم ................................ سێبەری دارەکە دەیخوێند.
* من ................................ خواردن دەستم دەشۆم.
* من ................................ هاوڕێکەم دادەنیشم.
* من ................................ تەختەی دانیشتنم نانوسم.
* پێویستە ئێمە ........................... خێزانەکەماندا تەبابین.

## وشەکان ڕێکدەخەم، ڕستە دەنوسم.

* (دەگێڕین، ئاهەنگ، ئێمە، لە، جەژنی، منداڵاندا)

................................................................................................

* (چاودێری، پێویستە، بکرێت، منداڵ)

................................................................................................

*(قوتابخانە، ئێمە، نەخۆشخانەمان، هەبێت، و ، پێویستە)

................................................................................................

## خۆشنوسی

ئێمەی منداڵ مافمان پارێزراوە.

ئێمەی منداڵ مافمان پارێزراوە.

ئێمەی منداڵ مافمان پارێزراوە.

## ڕێنوس

هەموومان لە وڵاتی خۆماندا بێ جیاوازیی ئایین و زمان و ڕەگەز، بە تەبایی و خۆشی بژین، هەروەها پێویستە بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت خوێندن و ژیانێکی ئارام و سەربەرزانە دابین بکرێت.

## ئامۆژگاری

پێویستە ئێمەی منداڵ بەرانبەر بە مافەکانمان ئەرکەکانمان جێبەجێ بکەین.


## یەکەی شەشەم

# سروشت

یەکەم : گەشتێك بۆ گوند
دووەم : پاکوخاوێنی ژینگە (شیعر)
سێیەم : گەڕیانەك دناڤ وەلاتیدا
چوارەم : هەنار (سیناریۆ)


٢٣

# گەشتێک بۆ گوند



ڕۆژی هەینی باوکی ڕۆژان بڕیاریدا، خێزانەکەی بباتە گوندەکەی خۆیان، دوای ئەوەی گەیشتنە ناو گوندەکە، خەڵکەکە زۆر بەگەرمی پێشوازییان لێکردن.


ڕۆژان خێرا بەناو گوندەکەدا سوڕایەوە، گەشتێکی بەناو کێڵگە و ڕەزە جوانەکانی گونددا کرد، سەیری سەوزاییە جوانەکەی دەکرد، زۆر سەرسام بوو بە ئاو و هەوای سافی گوند، بە چاوی خۆی بینی، جوتیارەکان لێرە و لەوێ زۆر بە دڵخۆشی، بێئەوەی هەست بە ماندووبوون بکەن، لە کێڵگە و



ڕەز و باخەکانیاندا  کاردەکەن، ئەوان خاك و ئاوی خۆیان زۆر خۆشدەوێت، چونکە ژیانێکی ئاسودە بۆ خۆیان  و خێزانەکانیان دابین دەکات.
دواتر ڕۆژان سەیری مەڕ و ماڵاتەکانی کرد، کە چۆن خاوەنەکانیان سود لە شیرەکەی وەردەگرن و دەیکەن بە ماست و پەنیر و نڤیشك، بەم دیمەنانە زۆر دڵخۆش بوو، تا گەڕانەوە ماڵەوە هەر دەیگوت: (بەڕاستی ژیانی گوند زۆر خۆشە!)

## چالاکی و ڕاهێنان

### هاوواتاکان



گوند: دێ، لادێ، ئاوایی

گەیشتن: گەهشتن، ڕەسین

سەیری کرد: تەماشای کرد، بەرێخۆ کر

ساف : پاك، خاوێن، بێگەرد

مەڕومالات: ئاژەڵ، پەز و بزن

نقیشك: کەرە


### گفتوگۆدەکەین.




* باوکی ڕۆژان بڕیاری چی دا؟
* چ ڕۆژێك چوون بۆ گوند؟
* ڕۆژان لەگەڵ کێ چوو بۆ گوندەکەیان؟
* خەڵکی گوندەکە چۆن پێشوازیان لە ڕۆژان و خێزانەکەی کرد؟
* ڕۆژان کاتێك بەناو گوندەکەدا دەسوڕایەوە بەچی سەرسام بوو؟
* ڕۆژان کێی دیت، بە دڵخۆشی کاریان دەکرد؟
* خەڵکی گوندەکە بۆچی مەڕومالاتیان بەخێو دەکرد؟
* ڕۆژان تا گەڕایەوەماڵەوە چی دەگوت؟


## یاری وشە، پیتەکان دەنوسم.





م
ک
پ
ش





## وشە هەڵدەوەشێنمەوە، بڕگە و پیت دەنوسم.

| وشە | بڕگە | ژمارەی بڕگەکان | پیتەکان |
|---|---|---|---|
| پێشوازی | پێشـ/وا/زی | ٣ | پـ، ێـ، شـ، و، ا، ز، ی |
| ئاسودە | | | |
| ڕۆژان | | | |
| ئاو | | | |

## هەڵەکان ڕاستدەکەمەوە، ڕستە دەنوسمەوە.

(وشەی ڕاست)

* شارەکان ئاوو هەوایان پاکە.

........................................................................ | ..............................

* کرێکارەکان زەوی دەکێڵن.

........................................................................ | ..............................

* لە گوند شیر دەکەن بە نان و پەنیر .

........................................................................ | ..............................

## بەهاوکاری وێنەکان دەخوێنمەوە.

ئەمساڵ لە بابەتی زانستدا، زانیاریی باشمان دەربارەی ئاژەڵە کێوییەکان وەرگرت، وەك:  و پڵنگ و  و فیل و  و کە لە چیا و دارستانەکاندا دەژین، هەروەها ئەو باڵندانەی کۆچی گەرمیان و کوێستان دەکەن، وەك: لەقلەق و پەڕەسێلکە، جگە لە باسی گیاندارە ماڵییەکانی، وەك:  و  و مراوی و   و  کە لە کێڵگەکان بەخێو دەکرێن.

ئەوەی لە هەمووی سەرسوڕهێنەرتر ئەو گیاندارانە بوون، کە توانای گۆڕینی ڕەنگی پێست و پەڕەکانیان هەیە، وەك:  و بۆق و قومقومۆکە...هتد.

## من بۆ (ئەوان) دەڵێم.

ئەوان    خوێندیان

........    ........

..............ناشت............

..............گوت................

..............هێنا...............

...............خوارد...............



## وشەکان ڕێکدەخەم، ڕستە دەنوسم.

* (گوندەکە، بەگەرمی، خەڵکی، پێشوازیان، زۆر، لێکردن)

..........................................................................................................................

* (زۆر، خۆیان، خۆشدەوێت، ئەوان، و، خاك، ئاوی)

..........................................................................................................................



٢٩

## خۆشنوسی

بەڕاستی ژیانی گوند زۆر خۆشە!

بەڕاستی ژیانی گوند زۆر خۆشە!

بەڕاستی ژیانی گوند زۆر خۆشە!

## ڕێنوس

جوتیارەکان لێرە و لەوێ زۆر بە دڵخۆشی، بێئەوەی هەست بە ماندووبوون بکەن، لە کێڵگە و ڕەز و باخەکانیاندا کاردەکەن، ئەوان خاك و ئاوی خۆیان زۆر خۆشدەوێت، چونکە ژیانێکی ئاسودە بۆ خۆیان وخێزانەکانیان دابین دەکات.

## ئامۆژگاری

ژینگەی پاك، تەندروستی بۆ هەمووان دابین دەکات.

# پاكوخاوێنی ژینگە



پاكوخاوێنی ژینگە     لای هەمووومان گرنگە
كارێكە پڕ پیرۆزی     هێمایە بۆ دڵسۆزی
دەبێت هەموو بەشداربین     چالاك و دەست بەكاربین
هەتا ژینگەمان پاك بێ     دوور لە خۆڵ و خاشاك بێ
هەركەسە و لە ئاستی خۆی     بەرپرسێكی باش بێ بۆی
لە ژینگەی خاوێن و جوان     لەش ساغ دەژین هەمووومان


---

شاعیر ناوی(عەلی حەمە ڕەشید)ە لە ساڵی (١٩٦١)ز لە شارۆچكەی بەرزەنجە لەدایكبووە، خاوەنی گەلێك بەرهەمی ئەدەبی منداڵانە.

# چالاكی و ڕاهێنان

## هاوواتاكان لە شوێنی گونجاودا دەنوسم.

(چەلەنگ، دەوروبەر، تەندروست، نیشانە)



ژینگە: .........................

هێما : .........................

ساغ : .........................

چالاك: .........................

## گفتوگۆدەكەین.

* بۆچی گرنگە ژینگەمان پاكوخاوێن بێت؟
* چۆن پاكوخاوێنی ماڵەوە و شوێنە گشتییەكان دەپارێزین؟
* بۆچی پاك ڕاگرتنی شوێنە گشتییەكان نیشانەی دڵسۆزییە؟
* زیانی كارگە و پاڵاوگەكان چییە؟
* هەبوونی ژمارەیەكی زۆری ئوتۆمبێل زیانی چییە؟
* تۆ لە ماڵەوە لە پاكوخاوێنی چی بەرپرسی؟
* چۆن پاكوخاوێنی باخچە گشتییەكان دەپارێزین؟

## نیو دێرەكەی تر دەنوسم، ڕاڤەیاندەكەم.

دەبێت هەموو بەشدار بین .........................................................

......................................................... دور لە خۆڵ و خاشاك بێ

# هەنار



من هەنارم
میوەی پایزم.



لەدوای باران تامم زۆر خۆش دەبێت.



لە زۆربەی باغەکانی
کوردستاندا هەم.



وەک میوە دەخورێم و دەگوشرێم و
خۆشاو لێدروستدەکرێت.



چەند تامێکم هەیە ترش و شیرین و مێخۆش.



بە خواردنی من جەستەتان زۆر سودمەند دەبێت چونکە من ڤیتامینم تێدایە و دەتوانم بەرگری جەستەتان دژی نەخۆشیەکان بەهێز بکەم.



لەبیر نەکەن لە شوێنی خاوێن دامنێن و بە خاوێنی بمخۆن.



هەناری کوردستانم لە ناوچەی هەڵەبجە و هیران و سازان و هەرمشتێ دەڕوێم.

# گەڕیانەك دناڤ وەلاتیدا



خێزانا شاهۆی و شیلانێ بڕیاردا بچنە بازێڕێ دهۆکێ، بڕێکڤە بابێ وان ناڤێن وان بازێر و گوندان ئەوێن دناڤدا دبورین، بۆ زارۆکان دگوت.

ئەو خێزان ب دیتنا وان هەمی داروبار و زەڤیێن کەسك، گەلەك پێ دلخۆش بوون.

بەرێ بگەهنە بازێڕێ دهۆکێ، زارۆکان گوت ئاخ! بێهنەکا چەند خۆشە!


دایکێ گۆتێ: ئەڤە بێهنا سێڤ و هەرمیکایە.

دەمێ گەهشتنە دهۆکێ، چوونە هاڤینگەها سولاڤێ، ب دیتنا وان

دیمەنێن جوانێن وێ هاڤینگەهێ، هەست ب خۆشی و شادیێ کرن و لبن دارەکا مەزن ڕونیشتن.

شاهۆی گۆت: ئەرێ ئەم دکارین گەریانەکێ دناڤ هاڤینگەهێدا بکەین؟

دایکێ گۆت: بەلێ هون دکارن، بەلێ گەلەك دور نەچن، چونکی مە دڤێت ئەم هەمی ب سلامەتی بزڤڕینەڤە.



## چالاکی و ڕاهێنان

### هاوواتاکان

بڕێڤە : بەڕێوە

دناڤدا : لە ناودا

دبورین : تێدەپەڕین


بگەهنە : بگەنە

هاڤینگەهـ: هاوینە هەوار

دکارین: دەتوانین

دڤێت : دەمانەوێت

بزڤڕینەڤە: بگەڕێینەوە



### هاوواتاکان لە شوێنی گونجاو دەنوسم.

(هەموو، گەڕان، شار، زەوی، سێو، ئێوە)

گەڕیان: ..........................


زەڤی: ..............................

هەمی: ............................

سێڤ: .............................

هون: ...........................

بازێڕ: ..........................



# گفتوگۆدەکەین.

* خێزانا شاهۆی و شیلانێ کیڤە چوون؟
* بابێ چ ب زارۆکان دا نیاسین؟
* بەری بگەهنە باژێرێ دهۆکێ زارۆکان چ دگوت؟
* ئەو خێزان ب چ دلخۆش بوون؟
* ئەگەڕێن وێ بێهنا خۆش چ بوون؟
* دەمی گەهشتنە دهۆکێ کیڤە چوون؟

## ناوی میوەکان بە زاری کرمانجی سەروو دەنوسم.



..............................



..............................



..............................



..............................

## بۆشاییەکان بە وشەی گونجاوی ناو دەقەکە پڕدەکەمەوە.

* زارۆکا.............. ئاخ! ..........چەند خۆشە!

* ب دیتنا وان ........... جوانێن وێ ............،هەست ب.........و شادیێ......... و لبن دارەکا............ ڕونیشتن.

* دایکێ گوت: بەلێ ........... دکارن بەلێ گەلەک...........نەچن، چونکی مە ...........ئەم ........... ب سلامەتی..............

## مەتەڵ هەڵدێنم، وەڵامەکە بە هەردوو زار دەنوسم.

* بەرزە وەك چنار، سەوزە وەك خەیار، مزرە وەك هەنار .

.................................، ......................................

* دەڕوا بەرێوە پێی نییە، هاوار دەکات زمانی نییە، فرمێسك دەڕێژێت چاوی نییە. ..................................، ......................................


* دەیکرێت ڕەشە، بەکاری دەهێنیت سورە، دەیرێژێت بۆرە ..................................، ......................................





# وشە گونجاوەکان بەیەك دەگەیەنم.

| | |
|---|---|
| باپیر | برای باوك |
| مەت | کچی مام |
| مام | باوکی دایك یان باوك |
| دۆتمام | برای دایك |
| پسمام | خوشکی باوك |
| خاڵ | کوڕ و کچی برا |
| برازا | کوڕی مام(ئامۆزا) |



# وشەکان لە شوێنی گونجاو دەنوسم.

(ئەم، ئەز، ئەو، هون، ئەو، تو)

* ......................... ڕونیشتم.  *......................... ڕونیشتین.

* .........................ڕونیشتی.  *.........................ڕونیشتن.

*.........................ڕونیشت.  *.........................ڕونیشتن.

## خۆشنوسی

ئەم جووینە هاڤینگەها سولاڤێ.

ئەم جووینە هاڤینگەها سولاڤێ.

## ڕێنوس

بازێڕ هاڤینگەهـ خێزانا

بازێڕێ دهۆکێ هاڤینگەها سولاڤێ خێزانا شاهۆی

* خێزانا شاهۆی و شیلانێ بڕیار دا بچنە بازێڕێ دهۆکێ.

## ئامۆژگاری

لە کاتی سەفەرکردن دەستکاری دەرگای ئۆتۆمبێل ناکەم، سەر و دەستم لە پەنجەرەکان نابەمە دەرەوە.

# ئاو سەرچاوەی ژیانە



یەکەی حەوتەم

# زمانی گیانداران

یەکەم : مریشکە سورە
دووەم : بەرخەکەم(شیعر)
سێیەم : پەڕەسێلکە و بۆق

# مریشکە سورە



ڕۆژێکیـان مریشـکە سـورە و جوجەڵەکانـی لەگـەڵ قازێـك و مراویـەك لەنـاو کێڵگەیەکدا دەسـوڕانەوە، لەنـاکاو مریشـکە سورە دەنکە گەنمێکـی دۆزیـەوە، بیـری کـردەوە (بـۆ بیخـۆم، بـا بیچێنیـن باشـترە، بۆئـەوەی بەرهەمێکـی زۆرمـان دەسـت بکەوێت).

ڕوویکردە قاز و مراوی و گوتی: کێ ئەم دەنکە گەنمە دەچێنیت؟



قاز گوتی: من ناتوانم.

مراوی گوتی: منیش ناتوانم.

مریشکە سورە گوتی: باشە خۆم دەیچێنم.

کاتێك کە دەنکە گەنمەکە سەوز بوو و پێگەیشت.

مریشکە سورە گوتی: کێ دەیدروێتەوە و بۆ ئاشی دەبات.

قاز گوتی: من ناتوانم.

مراوی گوتی: منیش ناتوانم.

مریشكه سوره گوتی:

باشه، خۆم دروێنه‌ی ده‌كه‌م و ده‌یبه‌م

بۆ ئاش.

كاتێك كه ئارده‌كه‌ی له ئاش هێنایه‌وه،

گوتی: باشه كێ ده‌یكات به نان؟

قاز گوتی: من ناتوانم.

مراوی گوتی: منیش ناتوانم.

مریشكه سوره گوتی: باشه من ده‌یكه‌م

به نان.

كاتێك كه كردی به نان.

گوتی: كێ ئێستا ئه‌م نانه ده‌خوات؟


قاز گوتی: من ده‌یخۆم.

مراوی گوتی: منیش ده‌یخۆم.

مریشكه سوره گوتی: نه‌خێر، ئێوه ناتوانن

بیخۆن، من و جوجه‌ڵه‌كانم ده‌یخۆین.







## چالاکی و ڕاهێنان

### هاوواتاكان له شوێنی ڕاست دەنوسم.

(نەشێم، ئاسیاو، جیجك، مامر، دیتەڤە)

مریشك: ..................................

دۆزیەوە: ..................................

ناتوانم: ..................................

ئاش: ..................................

جوجەڵە: ..................................

### گفتوگۆدەكەین.

* مریشكه سوره كه دەنكه گەنمەكەی دۆزیەوە بیری له چی كردەوە؟
* مریشكه سوره چ داواكاریەكی له قاز و مراوی كرد؟
* بۆچی قاز و مراوی حەزیان له ئیشكردن نەبوو؟
* مریشكه سوره چی كرد تا گەنمەكەی كرد به نان؟
* بۆچی مریشكه سوره نانەكەی نەدا به قاز و مراوی؟
* مریشكه سوره نانەكەی به كێ دا؟
* چۆن هەموومان كارەكانمان جێبەجێبكەین؟
* مرۆڤ ئەگەر كار نەكات نان دەخوات؟
* هەر قوتابییەك باسی ئەوە بكات، چۆن له كاری ماڵەوەدا یارمەتی دایبابی دەدات؟

## وشەکان دەخوێنمەوە، ئەوەی بۆ خواردن دەشێت دەوریدەدەم.

| | | | |
|---|---|---|---|
| هەنگوین | ساوار | مێرو | پێنوس |
| زەیتوون | بادەم | کراس | ساج |
| قارچك | شەقام | ئارد | گوند |
| خەڵۆز | کاغەز | گەنمەکوتا | کاهو |

## ئەم وشانە وەك نمونەی یەکەم دەنوسم.

گەنم ........گەنمەکە........

کێڵگە ......................

مریشك ......................

قاز ......................

ئاش ......................

ئارد ......................

## وشەکان تەواودەکەم، دەخوێنمەوە.

دەسوڕانـ..........

دەهاتنـ............

دەگەڕانـ...........

دەهێنایـ...........

دەچاند............

## بیردەکەمەوە، سیفەتی ئەم گیانلەبەرانە دەنوسم.

(خێرایە، بەوەفایە، لەسەرخۆیە، مەلەوانە، پاشەکەوت دەکات، ئازایە)








..........................................

..........................................

..........................................







..........................................


..........................................

..........................................

## وەڵامی ڕاست دەوردەدەم.

* من گەنم بۆ ئاش (دەبات، دەبەم، دەبەین).
* جوجەڵەکان وردەنان (دەخۆین، دەخۆم، دەخۆن).
* مراوی گوتی (نان ناکات، نان ناکەم، نان ناکەین).
* قاز گوتی من (دەیخۆین، دەیخۆم، دەیخۆی).

## بیردەکەمەوە، سێ ڕستە بۆ ئەم وێنەیە دەنوسم.



١ ..........................................

٢ ..........................................

٣ ..........................................

## خۆشنوسی

من و جوجەڵەکانم نانەکە دەخۆین.

من و جوجەڵەکانم نانەکە دەخۆین.

من و جوجەڵەکانم نانەکە دەخۆین.

## ڕێنوس

| | | |
|---|---|---|
| مریشك | قاز | دروستی دەکەم |
| مریشك و جوجەڵەکانی | قاز و مراوی | دروستی دەکەم و دەیخۆم |

* ڕۆژێکیان مریشکە سورە و جوجەڵەکانی لەگەڵ قازێك و مراویەك لەناو کێڵگەیەکدا دەسوڕانەوە.

## ئامۆژگاری

دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە.

# بەرخەکەم




ئەی بەرخۆلەکە نەرم و نۆڵەکە  
سپی و خرپنی وەك كولوی لۆكە  
دەستەمۆ و چەشی فێرە باوەشی  
دەنگی باڕە خۆش جوان و چاو ڕەشی  
بۆ هەر كوێیەك چووم تۆش وەرە لە دووم  
ئەتلەوەڕێنم هەر وەكو بێچووم  
وەرە خلە خل بچۆ نەرم و شل  
بباڕێنە باع بەرخی چاو بە کل

---

ناوی شاعیر(عبداللە سلێمان)ە بە نازناوی (گۆران) ناسراوە، لە ساڵی (١٩٠٤)ز لە هەڵەبجە لەدایكبووە، لە ساڵی (١٩٦٢)ز كۆچیكردووە، خاوەنی چەند بەرهەمێكی ئەدەبییە.

# چالاکی و ڕاهێنان

## هاوواتاکان



کولو: پارچەیەکی بچوکی لۆکە و بەفر
چەشی: فێرکراو
لەدووم: لەدوام
بێچو: بەچکە
خلە خل: خلبوونەوە
باڕە: دەنگی بەرخ
خرپن: قەڵەوی کورت
دەستەمۆ: ڕامکراو، کەوی
کل: سورمە

## گفتوگۆدەکەین.

* تۆ حەز لە بەخێوکردنی چ ئاژەڵێك دەکەیت؟
* دەکرێت ئازاری ئاژەڵ بدەین؟
* بۆ دەبێت بەزەیمان بە ئاژەڵدا بێتەوە؟
* ئاژەڵی کێوی و ئاژەڵی ماڵی جیاوازییان چییە؟
* لە ماڵەوە هیچ گیانلەبەرێك بەخێودەکەیت؟ ئەگەر دەکەیت لە پۆلدا بۆ برادەرەکانت باسبکە.

## نیو دێرەکەی تر تەواودەکەم، ڕاڤەیاندەکەم.

بـۆ هـەر کـوێـیـەك چــووم ..........................................................

.......................................................... هـەر وەکـو بــێــچــووم

# پەڕەسێلکە و بۆق



پەڕەسێلکەیەك بەسەر چاڵاوێکدا تێپەڕی، گوێی لە دەنگی بۆقێك بوو! بەپەلە گەڕایەوە، تا یارمەتیبدات؛ بۆیە سەری شۆڕکردە خوارەوە و بانگی کرد:

بۆقەکە! پێویستیت بە یارمەتی هەیە؟

بۆق: سپاس، جێگام خۆشە،ڕۆژ تا ئێوارە سەیری ئاسمان دەکەم و گۆرانی دەچڕم (قیرِ..قیرِڕ..قیق، قیق...).

پەڕەسێلکە: جیهان لای تۆ گچکە بووەتەوە؛ لەبنی چاڵاوێك و تۆزێك ئاسمان پتر نییە!

بۆق: من، بە سەرە مێکوتەیی کەوتوومەتە ئێرە، ناتوانم جێبهێڵم؛ بەڵام کە بیریش لە کەمبوونەوەی ئاوەکەی دەکەمەوە، پەست دەبم.

پەڕەسێلکە: تێدەگەم؛ بەڵام سەرزەوی لەوە فراوانترە، تۆ لەناو

چاڵاویێکـەوە دەیبینیـت! تـۆ تەنیایـت، وەرە ئێـرە ببینـە؛ ئـەو کات دەزانیـت ژیانـی سـەر زەوی چەنـد خۆشـترە! فریـای خـۆت نەکەویـت لـە تێنیەتیـدا دەخنکێـت!

ئیـدی بۆقەکـە بیـری کـردەوە و گوتـی « زۆر ڕاستە بـێ ئـاو من چـی بکـەم» بۆیـە هاواری کـرد: –

پەرەسێلکەی وریا! چیم بۆ دەکەیت؟

پەرەسـێلکە: مـن و هاوڕێکانـم، هەمیشـە ئاگامـان لـە یەکتـرە و یارمەتـی یەکتـر دەدەیـن.

بۆق: هاوڕێکانت کێن؟

پەرەسێلکە: فیـل، دارکونکـەرە، سـمۆرە، لەقلـەق و من و هەمـوو گیاندارانـی نـاو دارسـتانەکەین...





بـۆق: ئـەوا منیـش بڕیـارم دا ببمـە هاوڕێتان...یەکسـەر پەڕەسێلکەش چـوو هاوڕێکانــی گازکــرد. ســمۆرە بەگورجــی قوڵــی چاڵاوەکــەی مەزەندەکــرد و پێیگوتــن کــە هێنــدە قــوڵ نییــە و بەردێکیــش لــە ناوەندیــدا هەیــە، بــۆق دەتوانێــت بچێتــە ســەری، فیلیــش بچەمێتــەوە و قورتمەکــەی شــۆڕبکاتەوە (نــاو چاڵاوەکــە)،


بۆقەکـەش بـاز بداتـە سـەری و هێـدی هێـدی بـەرزی بکاتـەوە؛ بەڵام پێویسـتە بـۆق چنگۆڵەکانـی تونـد لـە قورتمەکـە گیربـکات، تـا بەرنەبیتـەوە.

ئەوەندەیـان زانـی بۆقەکـە بـە دوو چـاوە گەورەکەیـەوە لـە چاڵاوەکـەوە بەدەرکـەوت، هـەر سـەیری دەوروبـەری دەکـرد.

پەرەسێلکە یەك یەك هاوڕێکانی پێناساند، ئەویش سپاسی کردن.

# چالاکی و ڕاهێنان

## هاوواتاکان



چاڵاو: گۆماو

تۆزێك: کەمێك، هەندێك، پیچەك

پەست دەبم: غەمبار دەبم

مێکوتەیەك: بێچووە بۆق

بەهانای دەچین: فریایی دەکەوین

قورتم: خەرتوم

گازکرد: بانگی کرد

مەزەندە: خەملاندن

## گفتوگۆدەکەین.

* پەڕەسێلکەکە کاتێ بەسەر چاڵاوەکەدا تێپەڕی، گوێی لە دەنگی چی بوو؟
* بۆچی بۆقەکە لەسەرەتا بە هاوکاری پەڕەسێلکەکە ڕازی نەبوو؟
* ئەگەر بۆقەکە هەر لە چاڵاوەکەدا بمایەتەوە، چی بەسەردەهات؟
* هاوڕێکانی پەڕەسێلکە کێ بوون؟
* پەڕەسێلکە و هاوڕێکانی چۆن هاوکاری بۆقەکەیان کرد، تاکو لە چاڵەکە ڕزگاری ببێت، بەیەکەوە لەگەڵ هاوڕێکانت لە پۆلدا نمایشی بکەن.
* بۆقەکە کە هاتە سەر زەوی چی بە هاوڕێکانی گوت؟
* هەر قوتابییەك هاوکارییەکی خۆی بۆ قوتابییانی پۆلەکەی بگێڕێتەوە.

## ناوی گیانلەبەرەکان بە پیت دەنووسم، دەنگەکانیان گۆدەکەم.








## وشەکان هەڵدەوەشێنمەوە.

| وشە | بڕگە | پیت |
| --- | --- | --- |
| باڵندە | با/ڵنـ/دە | بـ، ا،ڵـ، نـ، د، ە |
| پەرەسێلکە | | |
| لەقلەق | | |
| سمۆرە | | |

## وشە گونجاوەکان دەگەیەنم.



| | |
|---|---|
| هەنگ | هێلانە |
| کۆتر | لانە |
| کەروێشك | کۆلیت |
| ئەسپ | شانە |
| مریشك | کون |
| گورگ | تەویلە |

## یاری وشە، بە ئاراستەیەکی تەواو دەوردەدەم.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| مـ |  | بـ | ۆ | ق |
| ا |  |  |  | ا |
| سـ |  | بـ | ا | ز |
| ی | و | ێـ | ڕ |  |

## (خاڵبەندی) نیشانەی گونجاو بۆ ئەم ڕستانە بەکاردەهێنم.

(؟) یان (.) یان (!) یان (:) یان (،)

* پەڕەسێلکە گوتی: بۆق پێویستیت بە یارمەتی نییە؟
* بۆق هاواری کرد پەڕەسێلکەی وریا چیم بۆ دەکەیت
* فیل دارکونکەرە سمۆرە و لەقلەق هاوڕێی پەڕەسێلکە بوون
* بۆچی هەموویان بە پلانەکە شاد بوون
* ئای بۆقەکە ڕزگار بوو؟

## ئایا دەزانیت



شەمشەمەکوێرە: ئەو گیاندارە شیردەرەیە، کە بە جوتێك باڵی پەردەیی دەفڕێت، شێوەی لە مشك دەچێت، لە شوێنە تاریکەکان و ئەشکەوتەکان دەژیت.



بڵندگۆ: بەهۆی بڵندگۆ دەنگمان بڵندتر دەکەین، تا دەنگمان بگاتە کەسانی تر؛ وەك لە کاتی ئاهەنگگێڕانی جەژنی نەورۆز و بوك گواستنەوەدا.

## وەڵامی ڕاست لە بۆشایی گونجاودا دەنوسم.

* من چالاکـ...... (ن، یت، م) * ئێمە چالاکـ...... (ین، ت، م)

* تۆ چالاکـ...... (ە، یت، م) * ئێوە چالاکـ...... (ە، یت، ن)

* ئەو چالاکـ...... (ن، ە، ین) * ئەوان چالاکـ...... (م، ن، یت)

## وشەکان ڕێکدەخەم، ڕستە دەنوسمەوە.

* (دەستی، بۆق، قیق، قیق، کرد، گۆرانی، قیرڕ. بە )

..........................................................................................................

* (بەگورجی، سمۆرە، قوڵی، مەزندەکرد، چاڵاوەکەی)

..........................................................................................................

* (بۆق، ناساند، هاوڕێکانی، بە ،یەك یەك ،پەرەسێلكە)

..........................................................................................................

## خۆشنوسی

ژمارەیەکی زۆر هاوڕێم هەن،هەمیشە ئاگامان لە یەکدییە.

ژمارەیەکی زۆر هاوڕێم هەن،هەمیشە ئاگامان لە یەکدییە.

ژمارەیەکی زۆر هاوڕێم هەن،هەمیشە ئاگامان لە یەکدییە.

## ڕێنوس

سمۆرە بەگورجی قوڵی چاڵاوەکەی مەزەندەکرد و پێیگوتن کە هێندە قوڵ نییە و بەردێکیش لە ناوەندیدا هەیە، بۆق دەتوانێت بچێتە سەری، فیلیش بچەمێتەوە و قورتمەکەی شۆڕبکاتە (ناو چاڵاوەکە)، بۆقەکەش باز بداتە سەری و هێدی هێدی بەرزی بکاتەوە؛ بەڵام پێویستە بۆق چنگۆڵەکانی توند لە قورتمەکە گیربکات، تا بەرنەبێتەوە.

## ئامۆژگاری

پێکەوە ژیان پێشکەوتنە.

# فەرهەنگۆك

مریشك(ن): مریشك(س) : کەرگە(گ) : مامر(خ)

لەگەڵ(ن): دگەل(س) : چەنی(گ) : وەر(خ)

جوجەڵە(ن): چوچەلك(س) : جوجەڵی(گ) : جوجك(خ)

هاوڕێ(ن): هەڤال(س) : ڕەفیق، شەریك(گ) : هاوال، دۆست(خ)

قاز(ن): قاز(س) : قازی(گ) : قاز(خ)

کێلگە(ن): زەڤی(س) : مەزا(گ) : کاڵ(خ)

سوڕانەوە(ن): زڤرین(س) : ئەوە سوریایۆ(گ) : پلیانەوە، گلەوخواردن(خ)

دۆزییەوە(ن): دیتن(س) : ئیستشۆ، دیشو(گ) : دییەوە(خ)

چاندن(ن): چاندن(س) : شانای(گ) : چەقانن(خ)

بەرهەم(ن): بەر(س) : بەرهەم(گ) : بەر(خ)

دەستکەوتن(ن): بدەست کەفتن(س) : دەس کۆتەی(گ) : دەسکەفتن(خ)

گوتن(ن): گۆتن(س) : واتەی(گ) : وتن(خ)

سەوزبوون(ن): شینبوون(س) : سەوزبی یەی (گ) : سەونزبین(خ)

پێگەیشتن(ن): پێگەهشتن(س) : سەوزبی یەی – یاوای وەنە(گ) : ڕەسین(خ)

ئاش(ن): ئاش(س) : ئاسیاو، ئاساو(گ) : ئاسیاو(خ)

هێنانەوە(ن): ئینسان(س) : ئەوە ئاردەی، ئاردەیۆ(گ) : ئەوهاردن(خ)

خواردن(ن):خوارن(س) : واردەی(گ) : خواردن(خ)

سەرانسەر(ن): سەرانسەر(س) : سەرانسەر(گ) : سەرتاپا(خ)

جەژن(ن): عەید(ژ): جەژنە(گ): جەشن(خ)

منداڵ(ن): زارۆك(س): زارۆڵە(گ) : مناڵ(خ)

ئاهەنگ گێڕان(ن): شهیانە(س): ئاهەنگ گێڵنای(گ): شایی(خ)

ماف(ن): ماف(س) : ماف(گ) : ماف(خ)

پارێزراو(ن): پاراستی(س) : پارێزیا(گ) : مقەیەت کریای(خ)

برسییەتی(ن): برسانی(س) : ئاورایی(گ) : ورسکی، ورسیاری(خ)

چاودێری(ن): چاڤدیری(س) : چەمداری(گ) : نورسین(خ)

دابین بکەن(ن): دەمان کرن(س) : دابین کەرا(گ) : دانەن(خ)

گوێگرتن(ن): گوهداری کرن(س) : گۆش گیرتەی(گ) : گوش تەکانن(خ)

هاوچەرخ(ن): هەڤ چەرخ(س) : هام چەرخ(گ) : هاودەور(خ)

پێشکەوتوو(ن): پێشکەفتی(س) : وەڵی کۆتەی(گ) : پێشکەفتن(خ)

**(ن): کرمانجی ناوەڕاست (سۆرانی، موکریان، ئەردەلان، سلێمانی، گەرمیان)**

**(س): کرمانجی سەروو (بایەزید، هەکاری، بۆتان، ئاشیتی، بادینی)**

**(گ): گۆران (هەورامی، زەنگەنە، کاکەیی، باجەلانی)، (زازایی)**

**(خ): کرمانجی خواروو (فەیلی، کرمانشانی، بەختیاری، لەکی، کەهلور)**

# ناوەرۆک

بابەت | لاپەڕە


نەخشەی دانانی کتێب ........ ٤–٥

یەکەی پێنجەم ........ ٦

خێزانەکەم ........ ٧–١٣

بۆ باوکم ........ ١٤–١٥

جەژنی منداڵان و ئاواتەکانیان ........ ١٦–٢٢

یەکەی شەشەم ........ ٢٣

گەشتێك بۆ گوند ........ ٢٤–٣٠

پاکوخاوێنی ژینگە ........ ٣١–٣٢

هەنار ........ ٣٣–٣٤

گەڕیانەك دناڤ وەلاتیدا ........ ٣٥–٤١

یەکەی حەوتەم ........ ٤٣

مریشکە سورە ........ ٤٤–٥٠

بەرخەکەم ........ ٥١ – ٥٢

پەڕەسێلکە و بۆق ........ ٥٣ –٦١

فەرهەنگۆك ........ ٦٢ – ٦٣

ناوەرۆك ........ ٦٤